# ئەگەر یەکێتی و پارتی ڕێکبن!؟

ئیبراهیم عەباس

دەنگۆی کەمکردنەوەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم "1" دوای ئەو بەقایم هاوارکردنەی حیزب و حکوومەت بۆ لەدەستڕۆیشتن و بەهەدەرچوونی (75%) بودجەی کوردستان بۆ مووچەی مووچەخۆران، هەواڵێکە هێندەی بۆنی بێ منەتبوونی پارتی و یەکێتی لەخەڵک و حیزبە هاوپەیمانەکانیانی لێدێت، نیوهێندە بەلای ئامانجی گەڕانەوەی بوودجەو تەرخانکردنی بۆ کاری خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی ڕەشوڕوت و بەدبەختی کوردستاندا ناچێت. بەتایبەت دوای بەخشینەوەو خێراکردنی ئەو هەواڵانەی کەباسی تۆکمەیی و بەستنی پەیمانی ستراتیژی ئەو دوو حیزبەیان لێ دەکرێت. ئاخر من و خواو خەڵکیش دەزانین، لەوەتەی شۆڕشگێڕەکانی دوێنێمان لەوە تێگەیشتوون ئابووری بۆتە سێبەری سیاسەت، بەڵکو زێدەتر؛ بووە بەشادەماری سیاسەت. سیاسییە باڵادەستەکانمان هێندە بەخێرایی و لەدەیان کەناڵەوە پەنای بۆدەبەن، دەرەنجام لەهەموو مۆراڵێکی شۆڕشگێری دابیرپوون، وەلێ چونکە دوێنی بەتەنیا نەیان دەتوانی وڵات بەتەواوی دادۆشن، ناچاربوون ترە موچەیەک بۆ خەڵکی و پشکێکی زۆر لەزەکات کەمتریش دەرخواردی حیزبە هاوپەیمانەکانیان بدەن، بەڵام ئێستا مادەم خۆیان یەکن چیتر پێویستیان بەمووچەدان بەخەڵکی و وەزیر بەخشین بەهاوپەیمانەکانیان نییە.

پەڕش و بڵاوی دوو حیزبەکەو حکوومەتی یەکگرتووو دەسئاوالاییان لەبەخشینەوەی پارەو پۆستەکان، کردەیەکی سیاسیی ناوازەی دەسەڵاتی کوردییە کەدواجار دیمەنی حوکمڕانییەکی نیشاندابن، جیالەوەی ڕێژەی وەزیرانی یەک کابینەی فڕاند بۆ سەرو چل وەزیر، ڕیژەی مووچەخۆرانیشی کردە یەک لەسەر چواری دانیشتوان. ئەگەرچی ئەو شێوازە خۆبەڕێوەبەرییە داوای خەڵکی نەبووەو حاشا خەڵک تائاستی فریشتە پاک و بێ بەرییە لەو شێوازە، بەڵام ئەو بەناو موچە بەشینەوە، دەرفەتێکی زێڕینی بەبەرپرسەکان بەخشیوە تا: بەئارەزووی خۆیان پەلاماری خەڵکی پێبدەن.

بۆلای هەرسیاسییەکی ئەم دەڤەرەی خۆمان دەچی، هێندە بەسوێ باسی دواکەوتووی میللەتی کوردت بۆ دەکات، خەریکە خوێنی دڵت بۆیان ببێت بەئاو، چییە؟ و لەبەرچی؟ وەڵا ئەو میللەتە سەرەڕایی هەمووی کراوە بەمووچەخۆر، بەڵام ڕقەبەرایەتی بەرپرسەکان دەکەن، چونکە وەکو ئەوان لەکێکی گەندەڵی کوردستان بەشدارنین. خۆش ئەوەیە بۆ سەلماندی ڕایەکانیان دەیان نموونەت بۆ ڕیز دەکەن. بەرپرس هەیە یەژێت؛ تووخوا سەیری میللەتی ئێمە بکە، چەند دواکەوتوویە بەغیلی بەماڵ و دەسەڵات و سەروەتی سەرکردەکان دەبات، بەڵام خەڵکی ئەمریکا چەند پێشکەوتووو ڕۆشنبیرن! کە هیچ تاکێک بەغیلی بەدەسەڵات و پارەی دیک چینی نابات، ئەم پیاوە پێش ئەوەی ببێتە جێگری سەرۆکی ئەمریکا بەڕێوەبەری کۆمپانیاییەکی هەرەگەورەی بازرگانی نەوتی دونیا بووە، لێ خەڵک لەجیاتی بەغیلی هەوڵ دەدەن چۆن ئەوانیش ڕۆژێک وەکو (چینی)یان لێدێت؟! بەقسەی بەرپرسەکانمان گوایە دەچن شوێن پێ و شێوازی ئەو سیاسییە هەڵدەگرن، تابەمرازی خۆیان بگەن. گەر زۆرتر لەئەسڵی بابەتەکە دوور نەکەومەوە دەبێت منیش لەئاست ئەو تەرزە بۆچوونانە بێژم: تۆ سەیری ئەو دۆخە زاڵم و دڵڕەقەی بەرپرسەکانمان بکەن، جیالەوەی بەئاسانی سەروەت و سامانی میللەت وڵاتیان لرف دا، هێشتا ئەوان خۆیان بەگوناە دەزانن کەبەقەدەر بەرپرسەکانی گەورەترین دەسەڵاتی دونیا دەستڕۆیشتووو پارەدارنین. ئاخر ئەو هێژا بەرپرسانەی لای خۆمان هێندە چاویان ڕووەو سەرو دوور هەڵبڕیوە، تەرمی بێ خاوەنی ئەنفال و پێشمەرگەی دێرینی عارەبانە ڕاکێش و دەیان خانەوادەی شەهیدی بێ سەرپەرشتیان لەبیرچۆتەوە کەبۆ خاتری ئەوان، خەبات و کوردایەتیان کردووەو ئێستا تاسەبارو عەوداڵی پاروە نانێکن، لێ لەبەر پاوانخوازی و نایەکسانی و دزی و گەندەڵی ئەوان بەسانایی دەستگیریان نابێت، ئینجا بەو حاڵەش بەرپرسەکانمان بەتەمان بەقودرەتی قادر وەکو بەرپرسانی ئەمریکایان لێبێت، تا ئەو پارەیەی بەکاری زێدە زێدە ناشەرعی دەستگیریان بووە،ئاشکراتر لەئێستا بیخۆن و بیپۆشن .

ئەگەرچی تەنگەتاوی حکوومەت دوای دەنگۆی لەدەست چوونی(75%) بوودجە بۆ مووچەو دوای لێک نزیکبوونەوەی لەجاران زێدەتری دوو حیزبە باڵادەستەکەی کوردستان، پتر دەنگی لێوەهاتووە، وەلێ وەکو دیارە هەتا ئەو دوو حیزبە برایە زێدەتر

**دەبنەوە بەبرا، باس و هەواڵی وامان پێ دەبەخشن کەخەڵک لەکولەکەی تەڕدا نەیبیستبێ و هەرگیز بیریشی بۆ نەچووبێت. لەخوای گەورەش بەزیادبێت ئەگەر ئەو تەبایە نەبایە هەرگیز خەڵک نەیدەزانی بەژمارەو بەڕەقەم بوودجەی ئەم وڵاتە چەندە؟و چۆن تەخشان و پەخشان دەکرێ؟ و چەندی بۆ مووچە؟و چەندیشی بۆ پڕۆژەی خراپ و نیوەچڵ جێ بەجێ کراوی باخەڵ پڕکەری بەرپرسە قۆنتەراتچییەکانمان دەچێ؟!.**

**بڕیاری دەستهێنانەوە بەوەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، کەبەقەدەر ئەمریکاو چین، وەزارەت و وەزیری هەن، ئەو وەزیرانەی لای خۆشمان بەقەدەر بەرپرسی گەورەترین کۆمپانیاکانی دونیا جیاوکە(ئیمتیاز)یان پێ دەبەخشرێت. کارێکی پیرۆزەو لەجێی خۆیدایە، بەڵام چۆن؟ و بۆ ئێستا؟و پاشی چی؟ پاش ئەوەی بەدرێژایی (14)ساڵ نەک هەر پۆستی وەزیرەکان، بگرە بەڕێوەبەری گشتی و پسپۆڕو شارەزاییەکانی وەزارەتەکان هەتا بۆیان لوشدرا، پارەی ئەو خەڵکە داماوە زەحمەتکێشەی خەڵکی کوردستانیان دەرخواردرا، ماڵ هەقە خۆشیان بەسوود وەرگرتن لەپۆستەکانیان، هەتا بۆیان کرا درێغییان لەبەتاڵانبردنی سامان و سەروەتی حکوومەت نەکردو دەستیان لەهیچ شتێک نەپاراست، گەر لێشم بپرسن بەڵگەت چییە بۆ ئەو قسانە؟ دەڵێم هیچ! ناوەڵڵا پاشیمان بوویمەو دەرێم؛ ماشێن و خانی زۆرو بڕۆکەکە بەنزینخانەو ئاپارتمان و سۆپەرمارکێت و ئوتێل و موتێل و کوڕەنازانم چیدیکەش...**

**لەوەتەی کورد خۆی حوکمی خۆی دەکات، هەموو ئەو کەسانەی بەزیرەکایەتی بۆماوەییان توانییان ببنە وەزیرو خەبیر، لە(10)ساڵی ڕابردووی دوو ئیدارەیی و لەئێستای یەک ئیدارەییدا، چەندین گۆڵی مێژوویی یان ((ئەگەر ئەو ئاڵوگۆڕە خێراو ناوازانەی لەدەوروبەرمان دەگوزەرێت ڕۆژێک ئەوانە پڕگۆڵ نەکاتەوە)) بۆ خۆیان و هەفت پشتی دوای خۆیان تۆمارکرد، ئەو خاوەن پۆستانە مەقوولەی ( پیاوی سیاسیی دەبێت خاوەن پارەو ئابووری بێت، ئەگەرنا سیاسەتی پێ ناکرێت ) لەواری کرداردا بەباشی سەلماند. تا ئەگەر لەپۆستەکانیشیان دوورخرانەوە لەڕێگای پارەوە باڵادەستییان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. دەئیتر باهەر لاچن، چ باکیان پێ هەیە، تێگەیشتی حکوومەت گیان؟!**

**کەم کردنەوەو تێکەڵاوو کۆکردنەوەی چەند وەزارەتێک لەبۆتەی یەک وەزارەتدا، ئەگەر ڕاست بێ؟ یان گەر حکوومەت تێدا سەرکەوتووبێت؟ نەخێری بۆ میللەت تێدایەو نەگەڕانەوەی یەک دیناری بوودجەش بۆ بەخەڵی کەس، بەڵام هەرچۆنێک بێت هەر باشە، ئاخر ڕەنگە بەهۆی ئەو کەم کردنەوەیە، چیتر گەشتیاری داماوی دانیشتووی قەراغ جاددەکان، لەجاران کەمێک کەمتر قوتووی بیرەو شووشەی ویسکی و کلینسی پیسی وەزیرو پسپۆڕو شارەزاکانی ئەو هەموو وەزارەتانەی لەماشێنی مۆدیل باڵاوە بۆ بەردەم هەڵبدرێ!**

**پێشینانی کورد ڕاستیان گوتووە کەوتوویانە ئەگەر دزو خاوەن ماڵ یەک بن... ئاخوێنەری هێژا ئەو نیوە دێڕەی تری ئەو پەندەم بەخێری خۆت بۆم تەواوبکە.**

**"1"/ سەرچاوەی ئەو هەواڵە؛ لاپەڕە یەکی دوا ژمارە( 229 - 2007/6/25 )ی ڕۆژنامەی جەماوەر.**